www.kurdistannet.org
4-7-2006 15:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بابەتەکانی نووسین لە سایتە کوردییەکاندا ... هیوا ناسیح .

سویسرا
hiwanaseh@hotmail. com

### نووسین



نووسین پرۆسەیەکی مەعریفی ئاڵۆز و سەختە، کە لە چەند توخم و ڕەگەزێک پێک دێت و لە هەمان کاتیشدا ئیلتزامێکی ئەخلاقی و خاوەن ڕەهەندێکی زانستی و ڕۆشەنبیری و مرۆڤانەیە. بەهەرەو توانایەکە، دەکرێت دروست بکرێت و پاشان پەرەی پێ بدرێت. بە دەربڕینێکی تر، نووسین لە نێوەندی وشە و دێڕەکانیدا، هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانەی جوان و باڵایە. هەر بە هۆی نووسینەوەیە، کە مرۆڤ بەسەرهاتی ڕابردوو و ئەزموونی باپیرانی دەزانێت و زانیاریە جۆراوجۆرەکانیش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە. بێنە پێش چاو گەر نووسین نەبوایە مرۆڤ چۆن دەیتوانی بەرئەنجامی زانستە پەتی و مرۆڤایەتییەکان و فەلسەفە و ئایدۆلۆجیا و پزیشکی و... هتد لە سەر یەکتری کەڵەکە بکات و بگەیەنێتە ئەم ڕۆژە. بێ هودە نییە، کە زانایان سەردەمی پێش دۆزینەوەی نووسینیان ناو لێناوە (سەردەمی پێش مێژوو) . دەمێکە زانایەک گوتویەتی (بۆ ئەوەی ناوت بە نەمری لە دوای خۆت بمێنێتەوە، کارێک بکە کە شایانی نووسین و بیرنەچونەوە بێت یان شتێک بنوسە کە شایانی خوێندنەوەو مانەوە بێت) .

دیارە کە ئێمە باس لە نووسین دەکەین مەبەستمان لە بابەتێکە، لای کەمی ڕەچاوی زۆربەی (گەر بشکرێت هەموو) یاسا ڕێزمانی و خاڵبەندی و ڕێنووسییەکان بکات. جگە لەمەش بتوانێت زانیاریەکی بەسود، جا لە هەر بوارێکدا بێت، پێشکەش بە خوێنەرەکەی بکات. دەشێ کەسێک دەستێکی نووسینی باشی هەبێت، یان بەواتایەکی تر زامانزانێکی شارەزا و باش بێت بەڵام جەسارەتی ئەدەبی و توانای هەڵبژاردنی بابەت و زەوق و سەلیقەی خوێنەرانی ئەو زمانەی نەبێت، کە پێی دەنووسێت. یان بە زمانە پاراو و بێ هەڵەکەیەوە، بێت و بەو پەڕی هۆشیاریەوە سەنگەری دوژمنانی گەلەکەی هەڵبژێرێت و قەڵەمەکەی بفرۆشێت، نمونەی ئەم جۆرە (نوسەر) انە لە باشوری کوردستان و سەردەمی پێش ڕاپەڕیندا فرە بوو، ئێستاش لە پارچەکانی تری کوردستاندا هەن. یان لەسەردەمی شەڕی ناوخۆ و براکوژی شاخ و شاری، ناو حزبەکانیشدا کەم نەبوون. هەرنووسینێک گەر خزمەت بە مرۆڤ و ژینگەکەی و ماف و ئازادیەکانی نەکات، ئەوا بابەتێکی نەزۆکە و نەنووسینی باشترە.

### ئینتەرنێت

زانستی ئینتەرنێت، کە دەسکەوتێکی بە بەهای تەکنەلۆجیای ئەم ڕۆژگار و سەردەمی بە جیهانیبوونە یە، بە چاوپۆشین لە لایەنە نێگەتیڤەکانی، کارێکی وای کردوە، کە مرۆڤ زۆر لە ڕۆژنامەکانی جیهان پێش ئەوەی بکەوێتە ناو بازاڕ و سەرشەقام، هەر لە ماڵەکەی خۆیەوە، بە ئاسانترین شێوە دەستی پێڕابگات و بخوێنێتەوە. خۆ گەر باسی لایەنەکانی تری ئەم زانستەش نەکەین، چونکە دیارە ئەرکی ئەم وتارە نییە.

کورد وەک گەلێکی نیشتمان دابەشکراوی مافخوراوی لێکدابڕاوی داگیرکراو (جگە لە باشوری کوردستان) ی دواخراو، وەک هەر میللەتێکی تری ئەم سەردەمە توانیویەتی تاڕادەیەکی باش سود لەم دیاردە پێشکەوتوە وەربگرێت و بەردەوامیش ژمارەی بەکارهێنەرانی روو لە زیاد بوونە، هەرچەند ئەم سود لێ بینینەی بێ کەموکوڕی و کەمتەرخەمی نییە بەڵام سەرەڕای ئەمانەش کاریگەریەکی وای دروست کردوە، خەریکە بزوتنەوەیەکی ڕۆشەنبیریی لە نێو کوردانی هەندەراندا دروست دەبێت، ئەمەش وەک دەبینین دەتوانێت فشارێکی زۆر بۆ سەر حزبە دەستەڵاتدارەکان دروست بکات و تا ئەو ڕادەیەی کەمپین لە ئاست کەموکوری و هەڵەکانیاندا (وەک لە مەسەلەی د. کەمالی سەید قادر و هەندێک کێشەی تردا ڕویدا) بەڕێ بخات، کە بێ شک ئەمەش لە دوورمەودا دا، وەک لە ئێستاوە ئاماژەکانی دەرکەوتووە، بۆ ناوخۆی کوردستان درێژ دەبێتەوە و لە لایەن لێپرساوانی باڵای حزبەکانیشەوە لە داهاتویەکی نزیکدا دەبێتە کەناڵێکی حساب بۆ کراو. ئەمەش هەم بۆ ڕاژەی ستراتیژیەتی دۆزی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان وە هەم بۆ روبەروبوونەوەی گەندەڵی ئیستای دەستەڵاتی کوردییش، بەدڵنیاییەوە گاریگەری و جێ پەنجەی خۆی بەجێ دەهێڵێت.

### سایتە کوردییەکان

دەکرێت هەر لێرەوە دەستخۆشی لە یەکە بە یەکی بەڕێوبەرەکانی سایتە ئەلەکترۆنییە کوردییەکان بکەم، بە تایبەت ئەوانەی لە هەندەرانەوە بەڕێوەدەبرێن و سەرپەرشتی دەکرێن، چونکە ئەوەی لە تاراوگە لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوادا ژیا بێت، دەزانێت، کە لەوێ چ

سەرقاڵی و پڕکاری و (قەیرانی کات) ێکە، بە جۆرێک پێویستە مرۆڤ لە سەر حیسابی ماڵ و منداڵ و ژیانی تایبەتی و پشووی ڕۆژانەی، ماڵپەڕێک بەڕێوە بەرێت. ئەم ماڵپەڕانە ئەمرۆ ڕوویەکی گەش و سەردەمییانەی ئێمەیە، بەردەوام قەرەباڵغتر و پڕ بابەتتر دەبن و ژمارەشیان تا دێت روو لە زیاد بوونە. وەلێ بەداخەوە گۆڕانکاریەکە هێندەی لە ڕووی چەندێتیەوەیە، نیو ئەوەندە لە ڕووی چۆنایەتییەوە نییە، ئەو ڕێژە چۆنایەتییەش زیاتر بەلای نێگەتیڤدا دەشکێتەوە.

ئەوەی کە جێگەی لە سەر وەستان و لێوردبوونەوەشە، ئەو بابەتانەن کە ڕۆژانە بڵاودەبنەوە، چونکە هیچ فلتەر و هەڵسەنگاندنێک بۆ بابەتەکان نییە، بڕوا بکەن بابەتی وا دەبینین، وەرە سێ جاری بخوێنەوە، بزانە چی دەڵێت و چ پەیامێکی پێیە، هیچت دەسگیر نابێت. بابەتی وا کە ئەگەر بۆ ڕۆژنامەیەکی خاوەن ئاستی باش و بەئیعتیباری وەک (هاوڵاتی یان ئاوێنە) بنێردرێن، هەرگیز چانسی بڵاوکردنەوەی نابێت. ئەم بە لێشاو وتار و بابەت نوسینەش شێخ ڕەزا گوتەنی (بۆتە حەشری... لەم عەسرەدا) ، ئاخر ئەوەندەی نەماوە ماڵپەری وا دروست بکرێت کە هاوتای هەندێک لە ژوورە شەرمهێنەرەکانی ناو (پاڵتۆک) ، لە ژێر ناوی نهێنی و شاراوەدا ببێتە جێگەی قسەی بازاڕیی و دابەزێتە ئاستی کێشەی کەسیی و تۆڵەکردنەوەی شەخسی و ناوزڕاندن و ململانێی حزبی یان باڵەکانی ناو حزبێک و شتی وا. خەسڵەتێکی تری ئێمەی نوسەران ئەوەیە، خۆمان زۆر کەم لە لایەنی بابەتی فکری و زانستی و ڕۆشەنبیری گشتی دەدەین و هەموومان دەمانەوێت ڕەخنەگری سیاسی بین.

بڕێکی تریش بۆ خۆدەرخستن و نیشاندانی ماسولکە و ناودەرکردنن، کەسێک دێت بە ناوی سیانی خۆیەوە یان پاشناوی ناوچەکەی یان عەشرەتەکەیەوە (کە ئەمە نەریتێکی زۆر کۆنە) لەگەڵ وێنەیەکی گەورەی خۆیدا و هەر لە پێناوی بڵاوکردنەوەدا بابەتێک دەنووسێت. یان کەسێک جاروبار دێت خۆی دەگوشێت وتارێکی بێ پێز دەنوسێت، ئەمەش (بە پێی بۆچونی خۆی) تەنها وەک سەلماندنی وننەبوون و ئامادەیی بەردەوامی لە مەیدانی ڕۆشەنبیری و سیاسیدا و بۆ ئەوەی حزبە کوردییەکان حسابێکی بۆ بکەن و سبەی ئاوڕێکی لێ بدەنەوە. بە داخەوە کاکی بەڕێوبەری سایتیش بە بیانوی ئازادی بیروڕا و ڕاو ڕای پێچەوانەوە، کە لەڕاستیشدا مەسەلەکە بڕێکی زۆری ململانێی سایتەکانی تر و قەرەباڵغکردنی سایتەکەی خۆیەتی، بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە یان چاوێکی پیا بگێرێت، بۆ بەیانی بڵاویدەکاتەوە.

جگە لەمەش ببینە سایتی وا هەیە، گەر بابەتەکەت پێشتر بۆ (هەوێسایت) ەکەی ئەم ناردبێت، ئەوا بۆت بڵاوناکاتەوە! یان هی وا هەیە، بابەتەکانی هاوڕێ و ناسیاو و خزمەکانی یان گەر گوزارشت لەو حزبە بکات کە ئەم هەوادارێتی (بێ ڕەچاوکردنی چۆنێتی بابەتەکە) لە شوێنێکی سەرەوە و دیاردا بە خەتێکی درشت و وێنەیەکی گەورەوە، دادەبەزێنێت.

## خوێنەرانی سایتەکان

بە پێی هەڵسەنگاندن و سەرنجدانم لە بابەتە بڵاوکراوەکان، بەداخەوە خوێنەرانی سایتەکان، زۆربەیان خوێنەری جدی و خۆ ماندوکەر نین، کە بە دووی خۆرۆشەنبیرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیارییاندا بگەڕێن. بۆیە وەک لە ڕێی ئەو سایتانەوە کە ژمارەی بینینی بابەتەکان دەنوسێت، دیاریدەدات، هەمیشە ژمارەی خوێنەرانی ئەو نوسینانەی کە ڕەخنە لەیەکگرتن و وەڵامدانەوە و شەڕەقسە و ململانێی نارەوایە، لە ژمارەی بابەتە فکری و زانستی و ئەکادیمیەکان زیاترن. جا ئایا هەر سروشت و مەزاجی مرۆڤی کورد وایە یان قەیرانی خوێنەری ئەم سەردەمەیە، ئەمە دەکرێت باسکارانی بواری کۆمەڵزانی رونی بکەنەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم خۆزگە وەکو پێویستە سود لەم دەزگاو تۆڕەجیهانییە پێشکەوتوە وەردەگیرا و دەبووە کتێبخانە و دامەزراوەیەک بۆ خزمەتکردن بە کۆمەڵگاکەمان و دۆزەکەی هەروەها بۆ خۆپێگەیاندن و لەیەکتر فێربوون و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریمان، نەک شوێنێک بۆ کێبەرکێ و ڕکابەری و شەڕەدەنوک و ململانێی شەخسی. بۆ ئەوەی سایتەکوردییەکانیش وەک دەستەڵاتی کوردی و حزبە باڵادەستەکانی باشوری کوردستان گەندەڵ نەبن.

٢٠٠٦/٦/٢٤

تێبینی: ئەم بابەتەم لەسەر هیچ سایتێک نییە بە تایبەتی، بەڵکو لەسەر هەموویانمە بەگشتی، بۆیە لەگەڵ هیچیانم نییە و لەگەڵ هەمووشیانمە.